# ئیعتیكاف

١- واتای ئیعتیكاف چی‌یه؟

ئیعتیكاف یەعنی: پەیوەست بوون بە شتەوەو مانەوە لەسەری، جا ئەو شتە خێر بێت، یا شەڕ. خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمۡ لَهَا عَٰكِفُونَ﴾ (الأنبياء/٥٢). واتە: ئەو پەیكەرانە چین ئێوە ئیعتیكافیان بۆ ئەكەن. واتە: ئەیان پەرستن وبەلایانەوە ئەمێننەوە.

بەڵام مەبەست لە ئیعتیكاف لێرەدا ئەوەیە كە مانەوە لە مزگەوتا بكریٚ بە نیازی خوا پەرستی وخۆ نزیك كردنەوە لە خوای گەورە.

٢- مەشروعی‌یەتی ئیعتیكاف:

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن كە ئیعتیكاف مەشروعە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ڕەمەزانێكدا دە ڕۆژ ئیعتیكافی ئەكرد، بەڵام ئەو ساڵەی كۆچی دوایی كرد تیٚیدا بیست ڕۆژ ئیعتیكافی كرد. (بوخاری و ئەبوداود و ئیبنوماجە گێڕاویانەتەوە).

هاوەڵەكانی و خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خۆیدا و دوای خۆی ئیعتیكافیان كردووە.

ئیعتیكاف هەرچەندە عیبادەتێكەو خۆ نزیك كردنەوەیە لە خوا بەڵام دەربارەی چاكێتی ئەو كارە حەدیسێكی صەحیح نەهاتووە.

ئەبوداود ووتویەتی: بە ئەحمەدم ووت: دەربارەی چاكێتی ئیعتیكاف حەدیس ئەزانیت؟ ووتی: نە، مەگەر حەدیسێكی زەعیف.

٣- جۆرەكانی ئیعتیكاف:

ئیعتیكاف ئەكرێت بە دوو بەشەوە: سوننەت و واجب. سوننەت ئەوەیە موسڵمانێك خۆی بە ئارەزووی خۆی بچێتە ئیعتیكافەوە بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خواو پاداشتەكەی، وە بۆ شوێن كەوتن و ئیقتیدا بە پێغەمبەر ﷺ، وە ئەو ئیعتیكافە واباشە لە دە ڕۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا بێت، وەك لە پێشەوە باس كرا.

ئیعتیكافی واجب ئەوەیە كەسێك نەزری موطلەق بكات ولەسەرخۆی پێویست بكات بچێتە ئیعتیكافەوە، وەك ئەوە بڵێت: بۆ خوا لەسەرم پێویست بێت كە ئەوەندە ڕۆژ ئیعتیكاف بكەم، یا نەزری موعەللەق بكات و ببەستێت بە شتێكەوە، وەك ئەوەی بڵێت: ئەگەر خوا نەخۆشی‌یەكەمی چاك كردەوە ئەبیٚ ئەوەندە ڕۆژە ئیعتیكاف بكەم. وە لە صەحیحی بوخاری دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن نَذَرَ أن يُطِيعَ اللهَ فَلِيُطِعهُ) واتە: هەركەس نەزری كرد خوا پەرستی‌یەك بكات با بیكات.

وە هەر لەو حەدیسەدا هاتووە كە عومەر رضي الله عنه فەرمویەتی: ئەی نێرراوی خوا من نەزرم كردووە شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ئیعتیكاف بكەم، فەرمووی: نەزرەكەت بەجیٚ بهێنە.

**٤- کاتی ئیعتیکاف:**

**ئیعتیکافی واجب بەجێ دێت بەپێی ئەوەی نەزرکەر لەسەر خۆی نەزرکردووەو ناوی هێناوە. جا ئەگەر نەزری کرد ئیعتیکاف بکات بۆ ماوەی ڕۆژێك یا زیاتر پێویستە وەفا بە نەزرەکەی بکات و بەجێی بهێنێت.**

**بەڵام ئیعتیکافی سوننەت کاتی دیاری کراوی نی‌یە، بەجێ دێت بە مانەوە لە مزگەوتدا بە نیازی ئیعتیکاف، جا زۆر بخایەنێ یا کەم، وە چەندە لە مزگەوتدا بمێنێتەوە پاداشتی بۆ ئەنوسرێت.**

**وە ئەگەر لە مزگەوت هاتە دەرو پاشان هاتەوە ناو مزگەوت بە مەبەستی ئیعتیکاف ئەبێت نییەتەکەی تازە بکاتەوە.**

**لە یەعلای کوڕی ئومەییەوە هاتووە ووتویەتی: من ساتێك لە مزگەوتدا بمێنمەوە بە مەبەستی ئیعتیکاف نەبێت نامێنمەوە.**

**(عطاء) ووتویەتی: چەند لە مزگەوتدا بمێنێتەوە بە ئیعتیکاف بۆی ئەژمێررێت، وە ئەگەر کەسێك لە مزگەوتدا مایەوە بە هیوای پاداشتی خوایی ئەوە بە ئیعتیکاف بۆی ئەژمێررێت، بەڵام ئەگەر بەو نیازە نەبێت بۆی ناژمێرێت.**

**خاوەن ئیعتیکافی سوننەت هەرکاتێ بیەوێ بۆی هەیە ئیعتیکافەکەی بپچڕێنێت پێش ئەوەی ئەو ماوەیە تەواو بکات کە بە نیاز بووە بمێنێتەوە.**

**لە عائیشەوە هاتووە کە فەرمویەتی: هەرکاتێك پێغەمبەر ﷺ بیویستایە بچێتە ئیعتیکافەوە نوێژی بەیانی ئەکرد و ئەچووە ناو شوێنی ئیعتیکافەوە، وە جارێك لە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا وویستی ئیعتیکاف بکات، جا فەرمانی دا شوێنێکیان بۆ دروست کرد[1]، ئەڵێ: کاتێ ئەوەم بینی داوام کرد شوێنێکیشیان بۆ من دروست کردو خێزانەکانی تریشی هەریەك داوایان کرد شوێنێکیان بۆ دروست کردن، جا کاتێ پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەیانی کرد ئەو شوێنانەی بینی فەرمووی: ئەوە چی‌یە؟ ئایا داوای خێر ئەکەن؟ جا فەرمانی دا شوێنەکەی خۆی لابرد، وە هەروەها فەرمانی دا خێزانەکانی شوێنەکانیان لابرد[2] پاشان ئیعتیکافەکەی خستە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی شەووالەوە.**

**ئەبینین کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا بە خێزانەکانی شوێنەکانیان لابەرن و واز لە ئیعتیکاف بهێنن، دوای ئەوەی نییەتی ئیعتیکافیان هێنا بوو، ئەمەش ئەبێتە بەڵگەی ئەوە کە دروستە ئیعتیکاف بپچڕێنرێت دوای دەست پێ کردن.**

---

**([1]) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆی هەیە لە مزگەوتدا شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی بسازێنێ بۆ ئەوەی لە ماوەی ئیعتیکافەکەدا تیایدا بمێنێتەوە، بەمەرجێك جێگا لە خەڵك تەسك نەکات، بەڵام ئەو شوێنە با لە دوای مزگەوتەوە یان لە دەوروپشتی بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی نارەحەت نەکا، و بۆ ئەوەی دەوری چۆڵتر بێت و تەنیایی‌یەکەی تەواتر بێت.**

**([2]) لە شەرحی موسلیمدا ئەڵێ: بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی کرد، ترسا کە خێزانەکانی خالیصانە نییەتی ئیعتیکافیان نەبووبێ، بەڵکو ویستبێتیان لەبەر غیرەتیان نزیك بن لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەبەر ئەوە پێی خۆش نەبوو لە مزگەوتدا بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە شوێنی کۆ کردنەوەی خەڵکەو عەرەبی دەشتەکی و دوو ڕووی بۆ ئەهاتن، وە ئەوانیش پێویستیان بە دەرو ژوور هەیە جا دەرئەکەون، یان لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەوانی بینی لە مزگەوتدا لەلای بون، ئیتر وەك ئەوەی لێ هات لە ماڵەوە بێت و ژنەکانی لە دەوربن و ئەوەی کە گرینگ بوو لە مەبەستی ئیعتیکاف نەمێنێت، کە ئەویش دوور کەوتنەوەیە لە ژنان و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە دنیاوە هەیە، یان لەبەر ئەوە بووە کە مزگەوتەکەیان بەو مەنزڵانە تەنگ کردبێتەوە.**

لـە حەدیـسەكەدا بەڵگـەی ئـەوە هەیـە كـە پیـاو بـۆی هەیـە ڕێ لـە ژنەكـەی بگرێـت ئیعتیكـاف بكـات، ئەگـەر خـۆی لەسەرەتاوە ڕێی نەدابێت پێی، وە زانایان هەموو بۆ ئەو ڕەئیـە چوون. بەڵام جیاوازیان هەیە لەوەدا ئەگەر خۆی ڕێی پێ دابێ ئایا بۆی هەیە نەیەڵێت تەواوی كات؟

لای شافیعی و ئەحمەدو داود پیاو بۆی هەیە ڕێ لە ژنەكەی بگرێت و لە شوێنی ئیعتیكافەكە دەری بهێنێت، ئەگەر ئیعتیكافەكەی سوننەت بوو.

٥- مەرجەكانی ئیعتیكاف:

مەرجە خاوەن ئیعتیكاف موسڵمان بێت وباڵق بێت وخاوێن بێت لـە لـەش گرانی و بێ نوێژیو زەیستانی، كەواتە دروست نییە بێ باوەڕ و منداڵو لەش گران و بێ نوێژ و زەیستان ئیعتیكاف بكات.

٦- پایەكانی ئیعتیكاف:

حەقیقەتی ئیعتیكـاف مانەوەیە لـە مزگەوتدا بە نییـەتی نزیك بوونـەوە لـە خـوای گـەورەوە، بەڵام ئەگەر مانـەوە لـە مزگەوتدا نەبێت، یا نیازی خوا پەرەستی تێدا نەبوو، ئیعتیكاف پێك نایەت، جا نییەت بۆیە پێویستە چونكە خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (البینـه/٥) واتـە: تـەنها ئـەوەی كـە فـەرمانیان پـێ كراوە ئەوەیە بە ئیخلاصەوە خوا بپەرەستن.

وە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە فەرموویـەتی: (إِنَّمَا الأعمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امرِئٍ مَـا نَـوَى). واتـە: هـەموو كردەوەیەك پاداشتەكەی بەپێی نیازەكەیەتی، جا هەركەس نیازی چی هەبوو ئەوەی بۆ ئەبێت.

بەڵام ئەوە كە هەر ئەبێت لە مزگەوتدا بێت بەپێی فەرمودەی خوای گەورەیە كە فەرمویەتی: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ (البقرة/١٨٧) واتە: ئەوكاتەی ئێوە لە مزگەوتدا خەریكی ئیعتیكافن نزیكی خێزانەكانتان مەكەن.

بەڵگە هێنانەكەش لەو ڕووەوەیە، ئەگەر ئیعتیكاف لە غەیری مزگەوتدا دروست بووایە خوای گەورە حەرامی نزیكی كردنی لەكاتی ئیعتیكافدا تایبەت نەئەكرد بە مزگەوتەوە، چونكە نزیكی كردنی خێزان لەگەڵ ئیعتیكافدا یەك نایەتەوە، جا بەوە دەرئەكەوێت كە ئەم مانا كردنەوەیە ئەوە ڕوون ئەكاتەوە كە ئیعتیكاف تەنها تایبەتە بە مزگەوتەوە.

٧- ڕای زانایان دەربارەی ئەو مزگەوتەی كە دروستە ئیعتیكافی تێدا بكرێت:

زانایان دەربارەی ئەو مزگەوتەی كە ئیعتیكافی تێدا دروستە جیاوازیان هەیە، ئەبو حەنیفە و ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبوثەور بۆ ئەوە چوون كە ئیعتیكاف لە هەموو مزگەوتێكدا كە پێنج نوێژەكانی تێدا بكرێت دروستە.

بەپێی ئەو حەدیسەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت كراوە فەرمویەتی: (كُلُّ مَسجِدٍ لَهُ مُؤَذِّنٌ وإمَامٌ فَالاِعتِكَافُ فِيهِ يَصلُحُ) واتە: هەر مزگەوتێك بانگبێژو ئیمامی هەبێت، ئیعتیكافی تێدا دروستە.

(دارقطني) ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە، ئەمەش حەدیسێكی مورسەل و زەعیفە و بو بەڵگە هێنانەوە نابێت.

مالیك و شافیعی و داود بۆ ئەوە چوون كە ئیعتیكاف لە هەموو مزگەوتێكدا دروستە، چونكە هیچ شتێك دەربارەی تایبەت كردنی چەند مزگەوتێك بە صەحیحی نەهاتووە.

شافیعی‌یەکان ئەڵێن: واباشە ئیعتیکاف لە مزگەوتی جامیعدا (کە جومعەی تێدا ئەکرێت) بکرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی جامیعدا ئیعتیکافی کردووە، وە لەبەر ئەوەی لەو مزگەوتەدا کە جەماعەتی نوێژەکانی تێدا ئەکرێت خەڵك زۆرتر ئامادە ئەبن، وە نابێت لە مزگەوتی تردا ئیعتیکاف بکات ئەگەر لە کاتی ئەو ئیعتیکافەدا نوێژی جومعە ئەکرا، بۆ ئەوەی جومعەکەی لە دەست نەچێت، وە بۆ موعتەکیف هەیە کە لە مزگەوتدا بانگ بدات بە مەرجێك ئەو شوێنەی کە بانگی تێدا ئەدات دەرگاکەی لە مزگەوتەکەدا بێت یان لەسەر بانی مزگەوتەکە بێت، جا بوی هەیە بچێتە سەر بانی مزگەوت چونکە هەموو ئەوانە هەر لەسەر مزگەوتەکەیە، بەڵام ئەگەر دەرگای ئەو شوێنەی بانگی تێدا ئەدات لەدەرەوەی مزگەوت بێت ئەویش بە قەستی بچێت بۆ ئەوێ، ئیعتیکافەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە.

لای حەنەفی‌یەکان و شافیعی‌یەکان حەوشە و دەشتایی مزگەوت هەر لەسەر مزگەوت حیساب ئەکرێ، وە ئەم قسەیە ریوایەتێکیشە لە ئەحمەدەوە، بەڵام لای مالیك و ریوایەتێکی تری ئەحمەد حەوشە و دەشتایی مزگەوت لەسەر مزگەوت حیساب ناکرێن، جا بۆ ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات دروست نی‌یە بچێت بۆ ئەو شوێنانە و لە مزگەوت بێتە دەر.

جومهوری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە بۆ ئافرەت دروست نی‌یە لە مزگەوتی ماڵەکەی خۆیدا ئیعتیکاف بکات، لەبەر ئەوەی مزگەوتی سەرماڵ ناوی مزگەوتی بەسەردا نایات.

وە هیچ جیاوازی نی‌یە لەوەدا کە دروستە مزگەوتی سەرماڵ بفرۆشرێت. وە بە صەحیحی هاتووە کە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ ئیعتیکافیان کردووە.

ڕۆژووی ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات:

ئەگەر ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات بەڕۆژوو بێت ئەوە کارێکی باشە، وە ئەگەر بەڕۆژووش نەبێت هیچ گوناهێکی لەسەر نی‌یە.

بوخاری لە ئیبنوعومەرەوە ئەگێڕێتەوە کە عومەر بە پێغەمبەری ﷺ ووت: لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم کردبوو شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ئیعتیکاف بکەم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (أوفِ بِنَذرِكَ) واتە: نەزرەکەت بەرەسەر.

جا لەم فەرمانداندنەی پێغەمبەردا ﷺ بۆ عومەر بەڵگەی ئەوە هەیە کە ڕۆژوو گرتن مەرج نی‌یە لە دروستی ئیعتیکافدا، چونکە ئیعیتکاف لە شەودا دروست نی‌یە.

سەعیدی کوڕی مەنصور لە ئەبو سەهلەوە ئەگێڕێتەوە ووتویەتی: لەسەر ژنێك لە کەس‌وکارەکەم ئیعتیکافێکی واجب هەبوو منیش لەوبارەوە پرسیارم لە عومەری کوڕی عبد العزیز کرد فەرمووی: ڕۆژووی لەسەر نی‌یە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت. زوهریش ووتی: ئیعتیکاف بێ بەڕۆژووبون دروست نی‌یە. عمر پێی فەرموو: ئایا لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە؟ ووتی: نا، ووتی: ئەی لە ئەبوبەکرەوە؟ ووتی: نا. ووتی: ئەی لە عمرەوە؟ ووتی نا -وابزانم ووتی: لە عثمانەوە هاتووە؟ ووتی: نا- ئەڵێ: پاشان هەڵسام چوومە دەرەوە، گەیشتم بە عەطاء و طاوس، لەو بارەیەوە پرسیارم لێ کردن، (طاوس) ووتی فلانەکەس ڕای وابوو ڕۆژووی لەسەر نیيە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت. عەطائیش ووتی: ڕۆژوی لەسەر نیيە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت.

(خطابی) ووتویەتی: خەڵك لەم مەسەلەیەدا ئیختلافیان هەیە، حەسەنی بەصری ووتویەتی: ئەگەر کەسێك بەبێ بەڕۆژوو بوون ئیعتیکاف بکات دروستە، وە شافیعیش هەر بۆ ئەوە چووە.

وە لە عەلی و ئیبنومەسعودەوە ریوایەت کراوە کە ووتویانە: ئارەزووی خۆیەتی بەڕۆژو ئەبێت یان نا.

ئەوزاعی و مالیك ووتویانە: ئیعتیکاف بێ بەرۆژووبوون دروست نیيە. ئەمەش مەزهەبی ئەهلی ڕەئيیە، وە هەر ئەوەش لە ئیبنو عومەرو ئیبنوعەبباس‌و عائیشەوە ڕەزای خوایان لێ بێ ریوایەت کراوە، وە هەروەها قسەی سەعیدی کوڕی موسەییب‌و عوروەی کوڕی زوبەیرو زوهرییە.

## کاتی چوونە شوێنی ئیعتیکاف‌و هاتنە دەرەوە لێی:

لە پێشەوە باس کرا کە ئیعتیکافی سووننەت کاتی دیار کراوی نیيە، هەرکاتێك کەسێك چووە ناو مزگەوت‌و بەنیازی نزیك بونەوە لە خواوە تێیدا مایەوە، ئەو کەسە بۆتە خاوەن ئیعتیکاف هەتا دێتە دەر.

بەڵام ئەگەر کەسێك نیازی ئیعتیکافی هەبوو لە دەرۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا ئەوە پێش خۆرئاوابوون بچێتە شوێنی ئیعتیکافەکەی. لای بوخاری لە ئەبو سەعیدەوە هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن كانَ اعتَكَفَ مَعِي فَلِيَعتَكِف العَشرَ الأَوَاخِرَ) واتە: هەرکەس لەگەڵ مندا ئیعتیکاف ئەکا با دەرۆژی دوایی ڕەمەزان ئیعتیکاف بکات.

(العشر) ئەو دەیە، ناوێکە بۆ شەوەکانی داویی، وە یەکەم شەو لە دەشەوەکە شەوی بیست‌و یەکە، یان شەوی بیستە، وە ئەوەی گێڕراوەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ (ئەگەر ویستبێتی بچێتە ئیعتیکافەوە نوێژی بەیانی کردووە، پاشان چووەتە شوێنی ئیعتیکافەکەیەوە)، مانای ئەوەیە: چۆتە ئەو شوێنەی کە لە مزگەوتدا ئامادەی کردبو بۆ ئیعتیکاف. بەڵام چوونە مزگەتەوە بۆ ئیعتیکاف لەسەرەتای شەوەوە بووە.

وە هەرکەس دەرۆژەی دوایی ڕەمەزان بچێتە ئیعتیکافەوە، ئەوە کاتێ ڕۆژ ئاوا بوو لە دوایەمین ڕۆژی ڕەمەزاندا بێتە دەرەوە، بەڕای ئەبو حەنیفە و شافیعی.

مالیك‌و ئەحمەد ووتویانە ئەگەر دوای ڕۆژ ئاوابونیش هاتە دەرەوە بۆی دروستە، وە وا پەسەندە لای ئەمان کە لە مزگەوتدا بمێنێتەوە هەتا ئەچێتە دەر بۆ نوێژی جەژن.

أثرم بە ئیسنادی خۆی ئەگێڕێتەوە لە ئەبی ئەییوبەوە لە ئەبی قولابەوە کە ئەو لە مزگەوتدا ئەمایەوە شەوی جەژنی ڕەمەزان، پاشان ئەچو بۆ نوێژی جەژن بەو شێوەیە، وە لە ئیعتیکافەکەیدا نە حەسیرێك نە بەرماڵێکی لانەبوە لەسەری دابنیشێت، کاتێ لەناو خەڵکەکەدا دا ئەنیشت وەك ئەوان وابوو. ئەڵێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان چووم بۆلای سەیرم کرد کیژۆڵەیەکی بە ڕازاوەیی لەباوەشدا بوو، وام ئەزانی یەکێکە لە کچەکانی کەچی کەنیزی بوو، جا ئازادی کرد، وە بەو شێوەیە چوو بۆ نوێژی جەژن.

ئیبراهیم ووتویەتی: ئەوان حەزیان ئەکرد ئەو کەسەی ئیعتیکاف ئەکا لە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا، شەوی جەژن لە مزگەوتدا بمێنێـەوە، پاشان بەیانی بچێت بۆ نوێژی جەژن لە مزگەوتەوە.

وە هەرکەس نەزری کرد لە ڕۆژێکی دیاری کراودا کەخۆی دیاری کردبێت ئیعتیکاف بکات، یا بیەوێ بەسوننەت بیکا، ئەوە پێش طلوعی فەجر بچێتە شوێنی ئیعتیکافەکەیەوە، وە ئەگەر ویستی بێتە دەرەوە ئەبێ بە تەواوی ڕۆژ ئاوا بوبێت، جا ئیعتیکافەکەی چ لە ڕەمەزاندا بێت یا لەکاتێکی تردا بێت.

وە ئەگەر کەسێك نەزری کرد شەوێك لە شەوان کە خۆی دیاری کردبێت ئیعتیکاف بکات، یا بیەوێ سوننەت بکا، ئەوە پیش ئەوەی بە تەواوی خۆر ئاوا بێت بچێتە شوێنەکەیەوە، جا کە بۆی دەرکەوت ڕۆژ بۆتەوە بێتە دەرەوە.

ئیبنو حەزم ووتویەتی: ئەوەش لەبەر ئەوەیە سەرەتای شەو لەدووای ڕۆژ ئاوابونەوە دەست پێ ئەکاتو بە طلوعی فەجر کۆتایی دێت، وە سەرەتای ڕۆژ لە دەرکەوتنی فەجرەوە دەس پێ ئەکاتو بە خۆر ئاوابوون کۆتایی دێت، وە کەس لەسەری نیەیە ئیعتیکاف بکات مەگەر بۆ خۆی بیەوێ. جا ئەگەر کەسێك نەزری کرد مانگێك بچێتە ئیعتیکافەوە، یا ویستی سوننەت بکا ئەوە سەرەتای مانگەکە لە یەکەم شەوی مانگەکەوە دەست پێ بکات. جا ئەبێ بچێتە شوێنەکەی پێش ئەوەی خۆر بە تەواوی ئاوا بێت، وە کاتێ ویستی بێتە دەرەوەو مانگەکەی تەواو کرد ئەبێت ڕۆژ ئاوا بوبێت، جا لە مانگی ڕەمەزاندا بێت یا لەکاتی تردا بێت.

چی پەسەندە بۆ خاوەن ئیعتیکافو چی کەراهەتی هەیە بۆی :

پەسەندە بۆ خاوەن ئیعتیکاف زۆر نوێژی سوننەتو خواپەرستی بکات، وە خۆی خەریك بکات بە نوێژ کردنو قورئان خوێندنەوە، وە زۆر یادی خوا بکاتو زۆر (سبحان الله) و (الحمد لله) و (لا إله إلا الله) و (الله أكبر) و (أستغفر الله) بکات، وە زۆر سڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدات و زۆر بپاڕێتەوە، وە زۆر ئەو جۆرە خوا پەرستیانە بکات کە بەندە لە خوانزیك ئەکاتەوە، وە ئەوانەی بەندە ئەگەیەنن بە پەروەردگاری خۆی. وە فێر بوونی زانستی ئاینی و خەریك بوون بە کتێبی تەفسیر و حەدیس و ژیان نامەی پێغەمبەران و پیاوچاکان و کتێبی فیقهی و ئایینی هەر ئەچنە ناو ئەو بەشەوە، وە پەسەندە پەناگایەك (چادرێك) لەناو مزگەوتدا بکات بۆ خۆی، وەك پێغەمبەر ﷺ ئەیکرد.

کەراهەتی هەیە بەکارو قسەیەکەوە خۆی مەشغوڵ بکات کە پەیوەندی بەوەوە نەبێت، بەپێی ئەوەی (ترمذي)و ئیبنوماجە ئەگێڕنەوە لە (ابو بسرة)وە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مِن حُسنِ إسلامِ المَرءِ تَركُهُ مَالا يَعنِيه) واتە: یەکێك لە خەصڵەتە جوانەکانی موسڵمان بوونی ئینسان ئەوەیە کە واز لەو شتانە بهێنێت کە پەیوەندی بەوەوە نیە.

کەڕاهەتی هەیە واز لە قسەکردن بینێ وا بزانێت بەوە لە خوای گەورە نزیك ئەبێتەوە.

بوخاری و ئەبوداود و ئیبنوماجە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەگێڕنەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ لەکاتێکدا ووتاری ئەدا پیاوێکی بینی وەستابوو پرسی ئەوە کێیە؟ ووتیان: ئەوە ئەبوئیسرائیلە نەزری کردووە هەر بەپێوە بوەستێت و دانەنیشێت و نەچێتە بن سێبەر و قسە نەکات و بەڕۆژوو بێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (پێی بڵێن با قسەبکات و بچێتە سێبەر و دانیشێت، بەڵام با ڕۆژوەکەی بباتە سەر).

ئەبو داود لە عەلیەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (لا يُتْمَ بَعدَ احتلامٍ وَلا صُماتَ يومٍ إلى اللَّيلِ) واتە: دوای باڵق بوون هەتیوی نامێنێ، وە ڕۆژێك هەتا شەو نابێت کەس قسە نەکات.

ئەوەی ڕەوایە بۆ خاوەن ئیعتیکاف :

ئەم شتانەی خوارەوە بۆ خاوەن ئیعتیکاف ڕەوایە:-

١- هاتنە دەرەوە لە شوێنی ئیعتیکافەکەی بۆ بەرێ کردنی کەسوکاری، (صفية) ووتی: پێغەمبەر ﷺ لە ئیعتیکافدا بوو، شەوێك چوم بۆ دیدەنی، دانیشتم قسەم لەگەڵدا کرد، پاشان هەڵسام بێمەوە بۆ ماڵەوە، ئەویش هەڵسا لەگەڵمدا هات بۆ ئەوەی بم گەیەنێتە ماڵەوە[٣]، ماڵەکەی لە خانووی ئوسامەی کوڕی زەیدا بوو، جا دو پیاوی ئەنصار بەوێدا تێپەڕین، کاتێ پێغەمبەریان ﷺ بینی پەلەیان کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (على رِسلِكُمَا إنَّها صَفِيَّةُ بنتِ حُيَيّ قَالا: سُبحَانَ اللهِ يَا رَسُولَ اللهِ! قَالَ: إنَّ الشَّيطَانَ يَجرِي مِنَ

---

([3]) (خطابی) ئەڵێ: ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت دەرچوو تاوەکو بیگەیەنێتە ماڵەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەئییان وایە خاوەن ئیعتیکاف ئیعتیکافەکەی تێك ناچێت بۆ شتێکی واجب دەربچێ، وە مەنع ناکرێ لە کاری چاکە.

الإنسَانِ مَجرى الدَّمِ، فَخَشِيتُ أن يَقذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَيئاً ـ أو قال ـ شَرّاً) (رواه البخاري ومسلم وأبوداود). واته: لەسەر خۆ بن ئەوە صەفییەی کچی حویەی خێزانمە ووتیان.: سبحان الله ئەی نێرراوی خوا، فەرمووی: شەیتان لەناو دڵی مرۆڤدا وەك خوێن لە دەمارەکانیدا ئەگەڕێت، ترسی ئەوەم هەبوو شتێك یا شەڕێك بخاتە دڵتانەوە(٤).

٢- سەر شانەکردنو سەرتاشین و نینۆك کردن و خۆ پاك کردنەوە لە چڵك و پیسی و لەبەر کردنی چاکترین جلوبەرگ و خۆ بۆن خۆش کردن.

عائیشە فەرمویەتی: (پێغەمبەر ﷺ) لە مزگەوتدا ئیعتیکافی ئەکرد، لە پەنجەرەکەی ژوورەکەوە سەری ئەهێنایە دەرەوە منیش سەریم بۆ ئەشۆری، وە موسەددید ئەڵێت: عائیشە فەرمویەتی: وە بۆم شانە ئەکرد، لەوکاتەشدا بێنوێژ بوم) بوخاری و موسلیم و ئەبوداود گێراویانەتەوە.

٣- چونە دەر بۆ ئەو شتێك کە پێویست بێت، عائیشە ووتویەتی فەرمویەتی: (پێغەمبەر ﷺ) ئەگەر بچوایە ئیعتیکافەوە سەری ئەهێنایە پێشەوە بۆم شانە ئەکرد، وە نەئەهاتە ماڵەکەوە مەگەر بۆ شتێك نەبوایە کە ئادەمیزاد پێویستی‌یەتی. بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوان گێراویانەتەوە.

ئیبنومونذیر ووتویەتی: زانایان کۆن لەسەر ئەوەی کە خاوەن ئیعتیکاف بۆی هەیە بێتە دەرەوە بۆ چونە سەرئاو، چونکە ئەوە شتێکە کە هەر ئەبێ بکرێت، وە ناتوانرێت لە مزگەوتدا بکرێت، وە لەو مانایەدایە بۆ خواردن و خواردنەوە ئەگەر کەسێکی نەبێت بۆی بهێنێت، وە ئەگەر لە پڕدا ڕشایەوە بۆی هەیە بچێتە دەر بۆ ئەوەی لە دەرەوەی مزگەوتەکە بڕشێتەوە، وە هەروەها بۆ هەموو کارێك کە پێویستی پێی هەبێت و ئەنجامدانی لە مزگەوتدا نەکرێت بۆی هەیە لە مزگەوت بێتە دەر و بەوە ئیعتیکافەکەی هەڵناوەشێتەوە ئەگەر زۆر نەخایەنێت -تەواو- .

هەروەها ڕەوایە چونە دەر بۆ خۆشۆردن لە لەش گرانی و خۆ پاك کردنەوە و جلوبەرگ پاك کردنەوە لە پیسی.

سەعیدی کوڕی مەنصور ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت: عەلی کوڕی ئەبی طالیب فەرمویەتی: ئەگەر کەسێك چووە ئیعتیکافەوە بۆی هەیە بچێت بۆ نوێژی هەینی و ئامادەی مردوو شاردنەوە بێت و سەردانی نەخۆش بکات و بچێتە ماڵەوە داوای پێویستی خۆی لە خێزانەکانی بکات هەر بەپێوە، وە خۆی خوا لێی ڕازی بێت یارمەتی خوشکەزاکەی دا بە حەوت سەد درهەم بۆ ئەوەی خزمەت کارێکی پێ بکرێت، خوشکەزاکەی ووتویەتی: من لای خۆی لە ئیعتیکافدا بووم عەلی فەرموی: ئەگەر بچویتایە بۆ بازاڕیش خزمەت کارەکەت بکڕیایە هیچت لەسەر نەئەبوو.

لە قەتادەوە هاتووە: کە ئەو ڕێی داوە خاوەن ئیعتیکاف شوێن جەنازە بکەوێت و سەردانی نەخۆش بکات بەلاّم دانەنیشێت.

ئیبراهیمی نەخەعی ووتویەتی: پێشینان بە پەسەندیان دائەنا خاوەن ئیعتیکاف ئەم خەصلەتانە بکات بە مەرج ـ و بۆی هەیە بیانکات یا بە مەرجیشی دانەنابێت ـ ئەوانیش ئەمانەن:

لە نەخۆش پرسین، بەڵام نەچێتە ژوورێکەوە کە سەری گیرابێت، وە ئامادەی جومعە ببێت، و شوێن جەنازە بکەوێت بۆ شاردنەوەی؛ وە بۆ کاری پێویست بچێتە دەر، وە ووتویەتی: ئەو کەسەی ئیعتیکاف ئەکات نابێت بچێتە ژورێکی تر بۆ پێویستی نەبێت.

---

(4) لە شافیعی‌یەوە گێڕراوەتەوە کە ووتویەتی: ئەم فرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە بەو دووانەی فەرموو لەڕووی بەزەیی‌یەوە بووە پێیاندا، چونکی ئەگەر بێتو گومانی خراپیان پێ ببردایە کافر ئەبوون، جا بۆیە یەکسەر پێی ڕاگەیاندن تاوەکو بەهۆی گومانی خراپەوە نەفەوتێن.

(خطابي) ووتویەتی: کۆمەڵێك ووتویانە بۆی هەیە ئامادەی نوێژی هەینی بێتو سەردانی نەخۆش بکات و ئامادەی جەنازە بێت. وە ئەوە لە عەلیەوە گێڕراوەتەوە، هەروەها ڕای سەعیدی کوڕی جوبەیر و حەسەنی بەصری و نەخەعیە.

ئەبوداود لە عائیشەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی ئیعتیکافدا بەلای نەخۆشدا تێ ئەپەڕی و لای نەئەمایەوە هەواڵی ئەپرسی، وە ئەوەش کە لە عائیشەوە ریوایەت کراوە کە: سوننەت وایە ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات سەردانی نەخۆش نەکات، مەبەست لەوە ئەوەیە کە لە شوێنی ئیعتیکافەکەی دەر نەچێ بە مەبەستی سەردانی، وە ئەوەندە بەرتەسك نەکراوەتەوە لەسەری کە بەلای نەخۆشدا بڕوات و هەواڵی بپرسێ، بێ ئەوە لای بمێنێتەوە.

٤- وە بۆی هەیە لە مزگەوتدا خواردن بخوات و بخواتەوە و بخەوێت بە مەرجێك پارێزگاری پاك و خاوێنی مزگەوت بکات و بیپارێزێت، وە بۆی هەیە پەیمان ببەستێت، وەك پەیمان بەستنی ژن مارەکردن و کڕین و فرۆشتن و ئەوجۆرە شتانە.

## ئەو شتانەی ئیعتیکاف هەڵئەوەشێنێتەوە

ئیعتیکاف بە کردنی شتێك لەمانە هەڵئەوەشێتەوە:

١- دەرچون لە مزگەوت بە قەستی، بێ ئەوەی پێویستی هەبێت بەو دەرچونە با ئەو دەرچونە کەمیش بێت، چونکە بەو دەرچونە مانەوەکەی نامێنێ، وە مانەوەش پایەیەکە لە پایەکانی ئیعتیکاف.

٢- هەڵگەڕانەوە لە ئایین. کە پێچەوانە و لابەری خوا پەرستیەیە، بەپێی فەرمودەی خوای گەورە کە فەرمویەتی: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ (الزمر/٦٥). واتە: ئەگەر هاوبەشت بۆ خوا دانا کردەوەکانت هەڵئەوەشێتەوە.

(٥،٤،٣) نەمانی هۆش بە شێت بوون یان بە سەرخۆش بون، هەروەها بێنوێژیو زەیستانی، لەبەر نەمانی مەرجی تەمییز لە بێهۆش و سەرخۆشداو مەرجی پاکیەتی لە بێنوێژو زەیستاندا.

٦- جیماع کردن. بە پێی فەرمودەی خوا گەورە: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَٰكِفُونَ فِي ٱلْمَسَٰجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ﴾ (البقرة/١٨٧). واتە: لەژنەکانتان نزیکی مەکەن لە کاتی ئیعتیکاف لە مزگەوتدا، ئەوە سنووری خوایە لێی نزیك مەبنەوە.

بەلام دەست دان لە ژن بەبێ ئارەزوو جولاندن قەیناکە. پێغەمبەر ﷺ لە حاڵەتی ئیعتیکافا بووە و یەکێ لە ژنەکانی سەری بۆ داهێناوە بە شانە، بەلام ماچ کردن و دەست لێ دان بە ئارەزووەوە، ئەبو حەنیفە و ئەحمەد ئەڵێن: شتێکی خراپی کردووە چونکە شتێکی کردووە کە حەرامە لەسەری بیکات، بەلام ئیعتیکافەکەی هەڵناوەشێتەوە مەگەر ئاوی بێتەوە.

مالیك ووتویەتی: ئیعتیکافەکەی هەڵئەوەشێتەوە چونکە نزیك بوونەوە و بە یەك گەیشتنێکی حەرامە، وە ئیعیتکافەکەی فاسید ئەبێت و وەك ئەوە وایە ئاوی بێتەوە.

لە شافیعیەوە دوو ریوایەتی وەك ئەو دوو بۆچوونە هەیە.

ئیبنوڕوشد ووتویەتی: هۆی ئەو جیاوازیە ئەوەیە کە ئایا ئەو ناوەی کە هاوبەشە لە نێوان حەقیقەت و مەجازدا، گشتیەتی بۆ هەیە یان نا، وە ئەو دەست لێ دان بە ئارەزووەوە یەکێکە لەو ناوانەی کە هاوبەشە لەنێوان حەقیقەت و مەجازدا. جا هەرکەس بۆ ئەوە بچێت

كە ووشەی دەست لێدان گشتیيە، ئەڵێت: (مباشرة) كە لە فەرمودەكەی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ بە جیماع و كەمتر لەو ئەوترێت.

وە هەركەس بڵێت: ئەو دەست لێدانە عموم ناگەیەنێت ـ كە ئەمەشیان بەناوبانگو زۆرترە ـ ئەڵێت: ئەو دەست لێدانە یان جیماع ئەگەیەنێت، یان كەمتر لەویش ئەگرێتەوە.

جا ئەگەر وتمان: جیماع ئەگەیەنێت بەڕای هەمووان، ئەو ڕایە پوچەڵ ئەبێتەوە كە ئەڵێت ئەو دەست لێدانە بە ئارەزووەوە مەبەستی غەیری جیماعە، چونكە تەنها ناوێك حەقیقەت و مەجازیش ناگەیەنێت لە یەك كاتدا، وە هەركەس ئاو هاتنەوە بخاتە جێی چونەلا، ئەوە لەبەر ئەوەیە مانای ئەوە ئەبەخشێ، وە هەركەس بە پێچەوانەوە بێت ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەو ناوەی پێ ناوترێ بە حەقیقەت.

گێڕانەوەی ئیعتیكاف :

هەركەس بە ئارەزوی خۆ دەستی كرد بە ئیعتیكاف لە پاشاندا ئیعتیكافەكەی بڕی وا باشە ئەو ئیعتیكافە بگێڕێتەوە، و هەندێك ووتویانە: گێڕانەوەو قەزای ئەو ئیعتیكافە واجبە.

(ترمذي) ووتویەتی: زانایان جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو كەسەی ئیعتیكاف ئەكات ئەگەر ئیعتیكافەكەی ببڕێ پێش ئەوەی تەواوی بكات وبەو ئەندازەیە بكات كە نیەتی لێ هێناوە.

مالیك ووتویەتی: ئەگەر كەسێك ئیعتیكافەكەی بڕی پێویستە لەسەری قەزای بكاتەوە، وەئەو فەرمودەیەیان كردۆتە بەڵگە كە پێغەمبەر ﷺ لە شوێنی ئیعیتكاف هاتەدەر و دە شەو لە مانگی شەوال لە جیاتی ئەو دەڕۆژە كە لە ئیعتیكاف هاتبوە دەر، ئیعتیكافی كردەوە.

شافیعی ووتویەتی: ئەگەر ئیعتیكافەكەی نەزر نەبوو یا لەسەر خۆی دانەنابوو بەڵكو بەئارەزوی خۆی بوو، وە پێش تەواو كردنی هاتە دەر، ئەوە قەزا كردنەوەی لەسەر نیيە مەگەر خۆی بە ئارەزوی خۆی قەزای بكاتەوە.

هەروەها ووتویەتی: هەموو كارێك كە هێشتا دەستت پێ نەكردووە بۆت هەیە نەیكەیت، جا كاتێ دەستت پێ كرد و پێش تەواو كردنی دەستی لێ هەڵبگریت ئەوە گێڕانەوەت لەسەر نیيە، جگە لە حەج و عومرە نەبێت.

بەڵام ئەگەر كەسیك نەزری كرد ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك ئیعیتكاف بكات و دەستی پێ كرد و پاشان وازی لێ هێنا، لەسەری پێویستە قەزای بكاتەوە هەركاتێ توانی، بەڕای هەموو پێشەوایان، بەڵام ئەگەر مرد پێش ئەوەی قەزای بكاتەوە ئەوە كەس لەبری ئەو قەزای ناكاتەوە.

لە ئەحمەدەوە هاتووە كە لەسەر كەس‌وكار و وەلی‌یەكەی پێویستە بۆی بگرێتەوە.

(عبدالرزاق) ئەگێڕێتەوە لە عبدالكریم ی كوڕی ئومەییەوە ووتویەتی: گوێم لە عبداللە ی كوڕی عبد اللە ی كوڕی عوتبە بووە ئەیوت: دایكمان مردو ئیعتیكافی لەسەر بوو، لە ئیبنو عەبباسم پرسی، فەرموی: لە جیاتی دایكت ئیعتیكاف بكە و بەڕۆژوو ببە.

سەعیدی كوڕی مەنصور ئەگێڕێتەوە ئەڵێت: عائیشە لە جیاتی براكەی كە كۆچی دوایی كردبوو ئیعتیكافی كردووە.

ئەو كەسەی ئیعتیكاف ئەكا شوێنێك لە مزگەوتدا جیا ئەكاتەوە و خێمەیەك هەڵئەدا:

١- ئیبنوماجە لە ئیبنوعومەرەوە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ لە دە شەوی دوایی ڕەمەزاندا ئیعتیكافی ئەكرد، نافیع ئەڵێت: عبد اللە ی كوڕی عومەر ئەو شوێنەی نیشان دام كە پێغەمبەر ﷺ ئیعیتكافی تێدا ئەكرد.

٢- ریوایەت کراوە لە ئیبنو عومەرەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئیعتیکافی بکردایە جێگای بۆ ڕائەخرا، یا نوێنی بۆ دائەنرا لە پشت کۆڵەکەی تۆبەوە[٥].

٣- لە ئەبی سەعیدی خودریەوە گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لەناو کەپرۆکەیەکدا ئیعتیکافی ئەکرد و پارچە حەسیرێکی بەسەر دەرگاکەیەوە بوو ـ بۆ ئەوەی کەس چاوی لێ‌ی نەبێت ـ .

نەزر کردنی ئیعتیکاف لە مزگەوتێکی دیاری کراودا:

هەرکەس نەزری کرد کە لە مزگەوتی حەرام یا لە مزگەوتی پێغەمبەردا یا لە مزگەوتی ئەقصادا ئیعتیکاف بکات، واجبە وەفا بەو نەزرەی بکات لەو مزگەوتەدا کە دیاری کردووە. بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرمویەتی: (لا تُشَدُّ الرِّحَالُ إلا إلى ثلاثة مَسَاجِدَ: المَسجِدُ الحَرَامِ وَالمَسجِدُ الاقصى وَمَسجِدِي هَذَا) واتە: باروبنە ناپێچرێتەوە بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرام و مزگەوتی ئەقسا و ئەم مزگەوتەی من.

بەڵام ئەگەر نەزری کرد لە مزگەوتێکی تردا بێت جگە لەو سێ مزگەوتە لەسەری پێویست نیە نەزرەکەی بەجێ بهێنێت لەو مزگەوتەدا کە دیاری کردووە، وە لەسەریەتی ئیعتیکاف بکات لە هەر مزگەوتێکی تردا بیەوێت، چونکە خوای گەورە شوێنێکی تایبەتی دانەناوە بۆ پەرستنی، وەلەبەر ئەوەی هیچ مزگەوتێك چاکتر نی‌یە لە مزگەوتێکی تر ئەوسێ مزگەوتە نەبێت.

چونکە سابتە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (صَلاةٌ فِي مَسجِدِي هَذَا أفضَلُ مِن ألفِ صَلاةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ المَسَاجِدِ إلا المَسجِدَ الحَرَامَ، وَصَلاةٌ فِي المَسجِدِ الحَرَامِ أفضَلُ مِن صَلاةٍ فِي مَسجِدِي هَذا بِمائةِ صَلاةٍ) واتە: نوێژێك لەم مزگەوتەی مندا چاکترە لە هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر جگە لە مزگەوتی حەرام، وە نوێژێك لە مزگەوتی حەرامدا چاکترە لەسەد نوێژی ئەم مزگەوتەی من.

ئەگەر کەسێك نەزری کرد لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ ئیعتیکاف بکات، بۆی هەیە بچێت لە مزگەوتی حەرامدا نەزرەکەی بباتە سەر، چونکە (مسجد الحرام) لەو چاکترە.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

[5] ئەو کۆڵەکەیە بو کە صەحابەیەك خۆی پێوە بەستەوە هەتا خوا تۆبەکەی وەرگرت.